# دوونامە ... دەربارەی درامای ئاریا



دلێر محمد طاهیر

...کەناڵی کوردسات زنجیرە درامای ئاریا ی راگرت ..لەسەرخواستی پیاوانی ئاینی درامای ئاریا راگیرا لە بە ئەوەی سووکایەتی بە پیاوانی ئاین دەکات..............

ئەم هەوالانە لە رۆژنامە کاندا بەر چاو دەکەویَ و پاشانیش لە شەوی 23062007 درامای ئاریا پەخشنەکرا . من ئگەر چی زۆری ئەو درامایانەی کوردستانم پیَ کارێکی ناکامڵە و ئاستی هونەرییان لا وازە بەلام ئەخقلاقیەتی هونەری و ئینسانم رێگەم پێنادات بێدەنگ بم لەئاستی زەوتکردن و لاقە کردنی ئازادی لە لایەن دەسلات و پیاوانی دینەوە.

**ئەمیر و مورید و شێخە کانی ئیمارەتی کوردستان سلاو**

من لێرەدا وەک هاولاتیەکی سادە و عەوام داوادەکەم کەمیَ لووتف بفەرموون چەمکی ئازادی بۆ من رەعیەتەکەتان شی بکەنەوە ئەگەر ئەو چەمکە زۆر ئالۆزە تواناتان بە سەریدا ناشکێت .ئەوا مەرحەمەت بنوێنێن و کەمیَ لە سەر دیمۆکراتی بۆمان بدوێن یان دەولەتی مۆدێرن و عیلمانی...یان مافی تاکە کەس.من ئەمانەم زۆر لە ئێوە وە بیستووەوە بەلام ب بوورن گەر بلێم تێگەیشتن لە ئێوە و لە یاساو دەستوورەکەتان کارێکی سانا نیە.

بۆ ئە وەی ئێمەی مێگەل و رەعیەت رێگە دەربەرین بۆ ئەو بەهەشتەو دوا رۆژە روونەی کە رۆژانە بەلێنمان پێدە دەن دەکرێت ب پرسین کە دەلێن مافی تاکە کەس و ئازادیەکانی پارێزراو لە دەستووردا مانی چی ؟؟؟

یان بەسادەتر ئێمەی رەشەوولاخی هاوولاتی بۆمان هە یە رەخنەوو گلەیەکانمان ئاراستەی کیَ بکەین ،تکایە بفەرموون گەر کەسانی پیرۆز و پیاوانی پیرۆز هەن لە کۆمەلگادا کەس بۆی نیە توخنیان کە وییێت یاخوت بلێت بەری چا وتان کلی پێوەیە ئا گادارمان کان با بەد حالی بوون

دروست نەبیت  و نە کەوینە بەر شا لاو پیاوانی پۆلیس و ئاسایشە و شمشێر بەدەستکانی مزگەووت.
ئەگەر ئەوانە لە دەرەوەی یا ساو دەستوورەکانی وولاتن دایەلۆک و رەخنە و گلەی نابێت بیان گرێتەوە  ...دەکرێت بەرێزان وولاتێک مۆدێرنی ..دیمۆکراتی عیلمانیمان لەم نموونە ناوازەیە پێ بناسێنێن؟
لووتووف بفەرموون پێمان بلێن ئازادی ئێمە تاکوێ بردەکات ؟تا کو ئاستی بڕکردنی گولەی تفەنگەکانتان نەک زیاتر یاخووت برکردنی ئازادی ئێمە هێندەی درێژی زنجیرەکانی پێمانە کە هەر گیزنامگە ێنێتە بە دەی سەرکردیەک و قاپی مزگەوتێک.
ببوورن بەرێزان کە دەڵێم تێگەیشتن لە ئێوە سەختە چوونکە ئێوە لە میداکانتانەوە هانی فرینمان دەدەن بەلام هەر هێندەی بالای شمشێرێکی 2000سالە بەرزبینەوە بالمان دەکەن .
ئێوە لە میدیا ئاسمانیەکانتانەوە هانمان دەدەن رەخنەبگرین و هاوار بکەین بەرووی دیاردەدزێوەکاندا بەلام هەرهێندەی دەمان کردەوە بە گولەو مێزەرەچلکنەکان دەمان دەئاخنێن..
پیاوانی ئاینی بەرێز ئێوە دەیانتان لە بڵند گۆی مزگەوتەکانەوە هانی کوشتن و سەرپەراندنی دەیان نووسەروو هونەرمەندتان داوە فەتوا بۆ سووتانی شعر و هونەر و جوانی دەردەکەن .ئەگەرچی ئەم کارەی ئێوە بێیاساییەکی تە واوە  کە پێی دەلێن تحریض القتل ..هەمووکات ئامادە بوون دژی هۆنراوەو هونەر فەتوا دەربکەن بەلام کاتێک بەعس دۆزەخی بۆهە مووان دانابوو  کەستان جورئەتی ئەوەتان نەبوو تانانەت بوویژێکی جەماعی بوو ئەنفال بۆ هەلەبجە بکەن ...
ئێوە نەدەکرا هەموو بەرهەمەکە ببینی تاکو بزانن پیاوی ئاینی رۆلێکی باش دەبینێت لە دراماکە دا یان پێتان وایە کە بۆی نیە تخنی ئێوە بکە وێت...بەلام هەلەی ئێوەنیە هەلەی دەسەلاتێکە کە پیاوی پیرۆز و سەرکردی پیرۆز دروست دەکات  گروپ و کەسانێک دەخاتە سەروویاساوە ..و رۆژانەش وەرزی کردوین بە دەولاتی یاساو دیموکراتی..
هەلەی دەسەلاتێکە کە بە شەری ناوخۆ دەیان رۆشنبیر و هونەرمەندیان دەرپەراندە دەرەو و ئە وەی کە ما ویش دەیان خاتە بەردەستی شمشیر بەدەستەکانی مزگەوت...
دەسەلاتێک لە شەری ناوخۆدا نیشتمانی کردبووە نیشتمانی شمشێر بە دەست و تفەنگ بەدەست هیچ جێگایەکی بۆ جوانی و هونەر نە هێشتبووە.
دەسەلاتێک کە بەگوولە وەلامی نارەزایە مەدەنیەکان دەداتەوە  کە رێ لە هونەرمەندان دەگرێت مومارەسەی ئازادی بکەن ئیتر چۆن توندو تیژی پەرەناسێنت چۆن تیرۆرستان لە برەودا نابن
ئەم جارەش ئەمیر  وشێخ و موریدەکانی  ئیمارەتی کوردستان  لووتف بفەرموون کە مێک باسی ئازادیمان بۆ بکەن ئاخر با لەیەک حالی بین.

---

بۆکەناڵی کوردسات
پاش سلاو.....
من داوای ئەوەتان لێناکەم کە دژایەتی بریاری دەرەوەی کەنالەکەتان بکەن تا رادەیەکی باش ئاگادری چۆنێتی میدیام هەم بە حیزبەوە ،ئێوە گە نە تان توانی رێز لە بەر هەمێک بگرن کە لەلایە ئێوەوە پەخش دەکرایە وە  خۆدەکرا کەمێک رێز لە بینەرانتان بگرن ئا گاداریان بکەنەوە

که درامای ئاریا پەخش ناکرێت...لە رووی ئەخلاقییە وە ئێوە پابەندی مەوعیدێکن لە گەڵ بینەرانتاندا لە رێگەی دراماکە وە رەنگە کەسانێک هە بن کاتی خۆیان بۆ تەرخان بکەن بەلام ئێوە هێندە بێرێزیتان بە بینەران کرد لە شەوی 23062007 دا بە بێ ئاگاداری بەرنامەی کەتان دا بەزان هێندە بێ ژورئەت بوون کە نەتان توانی هۆکاری راگرتنەکەی باس کەن...
بەرێزان ئە کردارە ئەم بێرێزیە دەزانی چیمان بیر دەخاتە وە سالە کانی هەشتا کان کاتێک لە چاو وەروانی مادەیەکی تەلەفیزۆنی ئە کاتەدابووی بە بێ رێزگرتن لە بینەران مادە کا دەگۆرا بۆ سەردانەکانی ضەدام یا خوت وێنەکانی جەنگ ...
ئومێد دەکەم جارێکی تر بێرێزیمان پێنە کەن یان وێنەکانی میدیای بەعسمان نە هێنەنەوە یاد .....

dler31@yahoo.se